# هۆکارەکانی دامەزراوی لەسەر دین

[ كردي – کوردی – kurdish ]

حەمزە بەرزنجی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# أسباب الثبات على الدين

« باللغة الكردية »

حمزة البرزنجي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هۆکارەکانی دامەزراوی لەسەر دین

هەموو ساڵێك لە کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا ماموٚستایان و بانگخوازان بابەتی (دامەزراوی) لەسەر دین باس دەکەن، ئەمەش بە مانای ئەوەی موسڵمانان یەك مانگە ڕووتان لە ئیسلام و عیبادەت کردووە، تکایە دوای ئەم مانگە لە چاکەو خێر و ئیسلامەتی هەڵمەیەن و مەچنەوە ناو گومڕایی...

بەڵام ئەم ووتارانە زیاتر بابەتێکی ئیمانی کاتییەو زۆر بەکەمی باسی هۆکارەکانی دامەزراوی و چەسپان دەکرێت..!!..بە جۆرێك بیسەر نازانێت چی بکات و چ ڕێگەیەك بگرێتە بەر تا زاڵ بێت بەسەر نەفسی خۆیداو دوای ڕەمەزانیش هەر بەردەوام بێت...ئەوەی کە جێی باسی ئێمەیە ئەوەیە..بە کورتی و خاڵبەندی:..چی بکەین تا بەردەوام و دامەزراو بین لەسەر دین؟!..

### ١-ئیمان بە خوای گەورە:..

ئیمانێك پێکهاتبێت لە هەردوو بەشی (نەفی) و (ئیثبات)..جێبەجێ کردنی مانای(لا اله إلا الله) هیچ پەرستراوێك نییە بە هەق جگە لە (الله)..بەوەی نەفی هەموو پەرستراو و تاغوت و خۆشەویستێك بکەین کە جگە لە خوا دەپەرسترێت...جوان سەرنج بدە:..

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ﴾ [ابراهيم :٢٧ ].

واتە: خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە چەسپاوو پایەدار دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان لە ژیانی دنیادا، لەسەرەمەرگ و لە قیامەتیشدا، (باوەڕی دامەزراو فریایان دەکەوێت و) گوفتاریان ڕێك و پێك و دامەزراو دەبێت و بەئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خوایە ستەمکاران گومڕا دەکات و ئەوەی پەروەردگار بیەوێت هەر ئەوە پێش دێت و دەکرێت.

قەتادە دەفەرموێت: لە ژیانی دونیادا دامەزراویان دەکات بە چاکەو کرداری باشە ئەنجامدان، وە (وَفِي الآخِرَةِ): واتە لەناو گۆڕیشدا، ئەمەش لە زیاد لە یەکێك لە خواناسانی سەلەفەوە ڕیوایەت کراوە./ تفسير ابن كثير ٥٠٢/٤.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انْفِصَامَ لَهَا ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ [البقرة :٢٥٦ ].

واتە: بەهیچ جۆرێک زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاک و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا

بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە ـ تاغوت ـ و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، جا بێگومان ئەوکەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگارییەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نی یە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەرو زانایە.

تاغوتیش زۆر جۆری هەیەو سەرۆك و بنچینەکەیان پێنجە: ئیبلیس، وە هەرکەسێك بپەرسترێت و پێی ڕازی بێت، وە کەسێك بانگەوازی خەڵکی بکات بۆپەرستنی خۆی، وە هەرکەسێك بانگەشەی زانینی علمی غەیب بکات. وە هەرکەسێکە کە حوکم بکات بە غەیری ئەو قورئانەی خوا ناردویەتی/ شرح ثلاثة الأصول للشيخ محمد صالح العثيمين ص١٥٣-١٥٤.

## ٢- ئەنجامدانی کرداری چاك:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿....وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ [النساء:٦٦ ].

واتە: ...جا ئەگەر بەڕاستی ئەوانە بەگوێرەی ئامۆژگاری و فرمانی ئێمە ڕەفتاریان بکردایە، ئەوە چاکتر بوو بۆیان و دامەزراوترو چەسپاوتر دەبوون لەسەر حەق و ڕاستی.

**٣-ڕووو کردنە قورئانی پیرۆزو خوێندنەوەو لەبەر کردن و کار پێ کردنی:**

چونکە قورئانی پیرۆز مایەی دامەزراوییە، نەك تەناه تایبەتی بکەین بە مانگی ڕەمەزان و ەس.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا﴾ [الفرقان :٣٢ ].

واتە: کافرەکان (بیانوویەکی تریان گرت و) وتیان: ئەوە بۆ قورئان بە یەک کەڕەت بۆی ڕەوانە ناکرێت، بێگومان ئێمە هەر بەو شێوەیە ڕەوانەی دەکەین، تا دڵی تۆ زیاتر دڵنیا بکەین، بەردەوام بەجوانی دایدەڕێژین و دەیگەیەنین.

**٤- موتاڵاکردن و بیرکردنەوە لە چیرۆکی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) بۆ شوێن پێ هەڵگرتن:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ ۚ وَجَاءَكَ فِي هَٰذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [هود :١٢٠ ].

واتە: ئەی محمد (ﷺ) هەموو ئەوانەشت بۆ دەگێڕینەوە لە چیرۆك و هەواڵی پێغەمبەران، ئەوەی کە دڵی تۆی پێ دابمەزرێنین و دڵنیات بکەین، دڵنیاش بە کە لەم هەواڵانەدا حەق و ڕاستیت بۆ هات و بۆت ڕوونکرایەوە، هەروەها ئامۆژگاری و بیرخستەوەی باشی تێدابوو بۆ ئیمانداران.

**٥-پاڕانەوە:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً ۚ إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ﴾ [آل‌عمران :٨ ].

واتە: (ئەوانە دەڵێن) پەروەردگارا.. دوای ئەوەی کە هیدایەت و ڕێنموویيت کردین، دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگەی ڕاست و لە ڕەحمەت و بەخششی تایبەتی خۆت بەهرەوەرمان بکە، چونکە بەڕاستی تۆ بەخشندە و بەخشێنەری.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆربەی پاڕانەوەکانی بریتی بوو لە : (يا مُقلِّبَ القُلوب ثَبِّت قلبي على دينك)واتە: ئەی ئەو خوایەی وەرگێڕی دڵانی دڵم دامەزراوو چەسپاو بکە لەسەر دینەکەت. دەربارەی ئەوە پرسیاریان لێ کرد؟ ئەویش فەرموی: هیچ کەسێك نییە ئیلا دڵی لە نێوان دوو پەنجەی خوای گەورەدایە، ویستی لێ بێت لە هەرکەس دامەزراوی دەکات و ویستی لێ بێت لە ڕێگا لای

دەدات./ أخرجه الترمذي وصححه الألباني أنظر صحيح الجامع(٤٨٠١). عن أم سلمة

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((إن الإيمان ليخلق في جوف أحدكم كما يخلق الثوب فاسألوا الله تعالى : أن يجدد الإيمان في قلوبكم)). أخرجه الطبراني وغيره عن ابن عمر وصححه الألباني أنظر صحيح الجامع(١٥٩٠).

واتە: ئیمان لە دڵی هەر یەکێك لە ئێوەدا کۆن دەبێت هەر وەك چۆن پۆشاك کۆن دەبێت و دەڕزێت. جا لە خوای گەورە داوابکەن کە ئیمان لە دڵەکانتاندا نوێ بکاتەوە.

**٦- زیکرو یادی خوای گەورە:**

بە دڵ و زمان بە بەردەوامی بە پێوەو بە دانیشتن و بە ڕاکشان..لە هەموو کاتەکانی ژیاندا ...خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [الأنفال :٤٥ ].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە: کاتێک دەگەنە دەستەیەک و ڕوو بە ڕووتان دەبنەوە، ئەوە دەبێت خۆڕاگربن و سەنگەر چۆڵ نەکەن و زۆر یادی خوا بکەن و لێی بپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی ئێوە سەرفرازو سەرکەوتوو بن.

**٧- هاوڕێی باش و خواناس و دامەزراوو هیممەت بەرز:**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل)). أخرجه أبوداود والترمذي عن أبي هريرة وحسنه الألباني. أنظر صحيح الجامع(٣٥٤٥).

واتە: پیاو لەسەر دین و ئاینی هاوڕێو خۆشەویستەکەیەتی، جا هەر یەکێك لە ئێوە با تەماشا بکات و بزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات..

هەربۆیە وتویانە: (الصاحب ساحب)..واتە: هاوڕێ ڕاکێشەرە.

**٨- موحاسەبەو لێپرسینەوە لە نەفس:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ [الحشر :١٨ ].

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خواناس و پارێزکاربن و لە سنوورەکانی مەترازێن، با هەموو کەسێك سەرنج بدات و بزانێت چی بۆ سبەی دەست پێشکەری کردووە، هەوڵ بدەن هەمیشەو بەردەوام پارێزکارو دیندارو خواناس بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر ئاگایە بەهەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

عومەری کوڕی خەتتابیش (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیفەرموو: ((حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا. وزنوا انفسكم قبل أن توزنوا. وتزيّنوا للعرض الأكبر)). تأريخ عمر –ابن الجوزي -٢٠١.

واتە :لە نەفسی خۆتان بپرسنەوە پێش ئەوەی لە قیامەتدا لێتان بپرسرێتەوە. وە کردەوەکانتان بکێشن پێش ئەوەی لە قیامەتدا بکێشرێت.وە خۆتان بە کردەوەی جوان بڕازێننەوە بۆ نمایش کردنە گەورەکەی قیامەت.

عامری کوری عبداللە دەفەرموێت: چەندان کەسم لە هاوەڵانی پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) بینیوەو هاوەڵایەتیم کردوون. جا بۆیان باس کردووم کە چاکترین ئیماندار لە ڕۆژی دوایی دا ئەو ئیماندارەیە کە زۆر موحاسەبەی خۆی دەکات./الزهد لأحمد ص,٢٢٦

### ٩- سەرخستن و پشتیوانی کردنی دینی خوا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ﴾ [محمد :٧ ].

واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوەخوایش پشتیوانی لەئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات.

### ١٠- ئارامگری الصبر:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ [البقرة :١٥٣ ].

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە داوای کۆمەك و یارمەتی لە خوا بکەن بەهۆی ئارامگرتن و نوێژ کردنەوو، دڵنیابن کە خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە.

پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: ((...وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خَيْرًا وَأَوْسَعَ مِنْ الصَّبْرِ)) البخاري(٦١٠٥) ومسلم(١٠٥٣).

واتە: هەرکەسێك هەوڵ بدات ئارامگری لە خۆیدا دروست بکات ئەوا خوای گەورە ئارامگری پێ دەبەخشێت. وە هیچ کەسێك بەخشش و چاکەیەکی پێ نەبەخشراوە فراوانتر بێت لە ئارامگری.

خوای گەورە بەردەوامی و دامەزراوی و چەسپاویمان پێ ببەخشێت لەسەر عەقیدەو ئیمان و تاعەت و عیبادەت و ئاکارو ڕەوشتی بەرزو شەرعی..